

# كەركوك و كوردستان و چەند سەرچاوەيەك

هاشم عاسی سەعيد كاكەيی
كەركوك - 2005

## ديمەنێكی جوگرافی كوردستان

كورد يەكێكە لەنەتەوەو رەگەزی هيندو ئەوروپیو زياتر لەچوار هەزار ساڵی پێش پەيدابوونی (يەشوع ـ مەسيح) لەداوێنی چيا گەردن كەشەكانی زاگرۆس دەژيانو, بەچەندەها ناوی جۆراو جۆری سەردەمە جياوازەكانی شارستانی مرۆڤ ناسرابوون, بەناوەكانی وەك (گۆتی، لۆلۆ,كاردۆك، كالدی، خالدیو سوباریو ميدی ... كورد توانيويەتی ببێتە خاوەن دەوڵەتێكی بەهێزی وەك (ماد) لەمێژوودا [1].

ئەو ناوچەيەی كەوتۆتە باكوری عيراقی ئێستا، كە لەسەرووی شاخەكانی (حەمرين)وە, بەدرێژايی لێوارەكانی رۆژهەڵاتی رووباری (ديجلە) ئەكشێ تاكو سنوری وڵاتی (كەردووخی ) لەباكووردا, بەبەشێك لە(وڵاتی ماد) ئەژمێردرا لەكۆتايی سەدەی پێنجەمی پێش لەدايكبوون. .. مادەكان توانيان دەست بەسەر ناوچەيەكی گەورەو فراواندا بگرنو چەند بەشێك لەئاسيای ناوەڕاست هەتا دەگاتە روباری (خالص, قزل ارمق) دەسەڵات پەيدا بكەن، زمانو ئايينی خۆيان بەسەر دانيشتوانی كۆنی چيای زاگرۆس دا بسەپێنن[2].

كوردستان بەدرێژايی مێژووی مرۆڤايەتی گەڵ خێڵو نەتەوەی جياجيا رووی تێكردوە بەنيازی پەلاماردانو داگيركردنو تێدا نيشتەجێبوون لەنەتەوەكانی ئاسيايی ئەوروپايی، بۆيە رەنگدانەوەی ئەو جۆرە تێكەڵاوييە شارستانيەتە بەگەڵ كوردستان لەو بارودۆخەی بەسەرىدا تێپەڕيوە شتێكی ئاسايیيەو وەك هەموو گەلانی دی، لەو خێڵو گەلانەی روويان كردبێتە كوردستان ( ئەكەدی- بابلی - ئاشوری) كە لەخێڵی سامی بوونو جگە لەهيندو ئەورووپی (ميتانیو حيپی) هەروەها ( عيلامی) و (كاسیو لۆلۆيی) پاشان ئێرانی ( ميدیو ئەخمينیو ساسانی) وهيلينی ( مەكدۆنی - سەلوقی - بيزەنتی)و ئينجا دێتە (عارەبیو فارسیو توركی) [3]. لەرووی مێژووييەوە دوو كۆچی گەورەی هەندێك لەنەتەوە هيندو -ئەورووپيەكان بۆ رۆژهەڵات ئاشكرايە، يەكەميانو كۆنترينيان كۆچی خێڵانی (حيپیو كيشی)يەكانە، لەسەرەتای هەزارەی دووەمی (پ. ز)دا بۆ ناوچە مێژووييەكانی خۆيان، دووەميانيش كۆچی مادو فارسەكان بوو لەسەرەتای هەزارەی يەكەمی (پ. ز)، كەمادەكان لەهەمەدانو فارسەكان لەهەرێمی فارس جێگيربوون پاشان مادەكان كە باوباپيرانی كوردن بەشێوەی (سواری) كۆچيان كردوە هاتونەتە باكوری ئێستای عيراق، پاشماوەی چەند نەتەوەيەكی كۆنی وەك ( گوتی، لۆلۆيی، حووری) لەم ناوچەيەدا دۆزراوەتەوە كە بەكشتوكاڵ خەريك بوونە [4] ... ديارە ميتانیو حووریيەكان سەر بەيەك رەگەزی هيندينو شوێنی

میتانیٖیەکانیش لەو هەرێمە بوو کە دەکەوێتە رۆژهەلاٌتو ژووری دەریاچەی (وان) یاخود (ئەرمینیا)ی ئێستاکە، بەلاٌم حووریٖیەکان ناوچەکەیان دەکەوتە نێوان دەریاچەی (وان)و چیای زاگرۆسەوە، میتانیەکان مەلٌبەندی سەرەکییان لەکوردستانی عیراقی ئێستادا لەشاری (ئارابخا) واتە (کەرکوك)ی ئێستادا بووە، جگە لەوەی لەنزیکی کەرکوکەوە شارێکی تر هەبووە بەناوی (نوزی)یەوە، پاشماوەی دیارە لەیورگان تەپە بە $18$کم لەشاری کەرکوکەوە [5].

لەباشوری کوردستانەوە خێلٌەکانی سامی وەك (ئارامی)یەکان بەهۆی بارودۆخی ئابوریو (ئەکەدی)یەکان بەهەلٌمەتی زۆرانەی سەرگۆنو نارام سینو، پاشان هەلٌمەتی (ئاشوری) بەنیازی ئاینیو سیاسی روویان کردۆتە ئەم ولاٌتە هەر چەندە نەیان توانیوە بەسەر مادەکاندا زالٌ بن. لەزنجیرە چیاکانی زاگرۆس دا، دەرتەنگو دەربەندی زۆر پەیدا بووە، لەوانە دەربەندی بازیانو باسەرِەو دەربەندی سەگرمەو دەربەندیخان.. ئەم دەربەندو دەرتەنگانەی چیاکانی زاگرۆس کەوا رووبەرووی ناوچەی ( هیلالی خەصیب) دەبنەوە، هەمیشە ئەم ناوچەیە دەبووە هۆی گرنگی پێدانی هەموو ئەو حکومەتانەی کە کەوتبوونە دەرەوەی ئەم ناوچەیەو ئەمانە خەریکی پاراستنو دابین کردنی رێگاوبانەکان بوون کە لەگەلٌ درێژایی ئەم سنورەدا تێئەپەرِین بەتایبەتی رۆژهەلاٌتی دیجلەو لەناوەرِاستو باکوری عیراقدا، ئەو جۆرە حکومەتانە هەلٌدەستان بەقایم کردنی ئەو شوێنانەی کە بەرامبەری ئەو دەرتەنگو دەربەندانە بوون کە دەکەوتنە سەررێی هاتوچۆ وەك شوێنەکانی (کفری، دوزخورماتو، داقوق، چەمچەمالٌ، کەرکوك، ئالتون کۆپری-پردێ)، ئەمانە خۆیان دەپاراست لەو هێرشە چاوەرِوان نەکراوەی کە دەکرایە سەریان لەلایەن میللەتانی دانیشتووی ناوچەکانی زاگرۆس، شوێنەکەیش دەبووە مۆلگەی سوپای ئەو حکومەتانەو کاتێك بیانویستایە هێرش بەرنە سەر ناوچە شاخاویٖیەکان، لۆلۆییو مادەکانو کوردەکان لەناوچەی سلێمانی لەگەلٌ سەرەتای مێژوودا لەم شوێنانەی دەست نیشان کرا، قەلاٌو شورەی سەختیان لێدەدا بۆ پارێزگاری کردنی ناوچەکە[6].

مێژوونووسی تورك (شمس الدين سامی) لە (قاموس الاعلام) کە بەزمانی تورکیٖیە باسی کوردستانو جوگرافیای ناوچەکانیو دەوروبەریو سنووریمان لەنزیکی سالٌی ($1304$ کۆچی) بۆ دەگێرِێتەوە کەوا (کوردستان بەشێکی گەورە لەزەویو زاری دەولٌەتی عوسمانی داگیرئەکاتو بەشێکی گرنگیش لەئێرانو بەمەش ئیقلیمێکی بەرفراوانی لێ پێکدێو بەکوردستانی نێودەبرێت لەبەرئەوەی زۆربەی دانیشتوانی کوردن، لای ئێمەی (دەولٌەتی عوسمانی)، ئەو ناوچانەی کە کوردی تێدا دەژین بە (کوردستان ولایەتی) واتە ولایەتی کوردستان نێودەبرێت. زۆربەی ئەو ناوچانەی کە کوردی تێدان، زیاتر ئەو ناوچە شاخاویٖیانەی کە ناو بەناو هەندێ دۆلٌو نشێوی بەرفراوانی تێدایە. .. لەسەردەمە رابردووەکان دا هەندێ لەمیللەتانی دی تێدا دانیشتوون بەتایبەتی لەبەشە زەویٖیە نشێوەکانیٖدا وەك ئاشوریو ئەرمەنی بەهۆی سەختی دیاری کردنی سنووری ئەم ئیقلیمە لەرووی سیاسیو کارگێرِیٖیەوە، ئێمە هەولٌ دەدەین باسی سنورێکی مەزندەیی بکەین، تەنیا لەرووی جوگرافیاوە لە (سەرەوە) دەست پێ دەکات بەباکووری کوردستانی (ئورمیە) تاکو لێوارەکانی دەریاچەی (وان) لەولایەتی(بەتلیس) و بەشێك لەولایەتی (دیاربەکر)و (ولایەتی معموریە العزيز) و ( قەزای دەرسیم)و بەشێکی گەورەی ولایەتی (موسلٌ - واتە کەرکوك، سلێمانی، هەولێر هـ. ك) بەلاٌم لەئێران سنوری ئەو ولایەتە دەگرێتەوە کە بە (ولایەتی کوردستان) نێودەبرێت، هەروەها

نیوەی (ولایەتی ئازەربیجان) كەوا بەشی باشووری رۆژئاوای كوردستان دورست ئەكات بۆیە ئیقلیمە كوردیەكەی لەئێران بەم شێوەیە دیاری دەكرێت : لەباكووری رۆژهەڵاتی ئازەربیجانو لەرۆژهەڵاتی عیراقی عەجەمو، لەباشوری لورستانو عیراقی عەرەبە، بەڵام سەبارەت بەهێڵی درێژیو پانی ناوچەكە ... ئەڵێ كوردستان ئەكەوێتە نێوان دوو هێڵی (34 ° - 39°) پلەكو هێڵی پانی (37° - 46°) پلەو لەسەر شێوەی سێگوشەیەكی گەورەیە، رووبەرەكەی (900كم) درێژئەبێتەوە واتە لەلای ئەو شوێنەی كە (قەرەصو - مرادصو) یەكانگیر ئەبن لەباكوور تاكو سنووری (لورستان) لەباشورو بەپانایییەك خۆی لەنێوان (100 كم تاكو 200كم) دەدات، جگە لەوەش هۆزێكی زۆری كورد هەن لەدەرەوەی ئەم ئیقلیمە دەژین كە سنووریمان دیاری كرد، هەروەها لەدەوروبەری (حەلەب) و (دیمەشق) و بەشی باكوری جزیرەی (ابن عمر)و بەشێك لەناوچەی (قەوقاس) لەروسیاو ناوچە گەلێك لە (خۆراسان) بەتایبەتی لەسەر سنووری ئەفغانیو ئێرانی، هەروا ناوچەی (بلوجستان) بەڵام سەبارەت بەناوچەی (لورستان) لەئێراندا، گەلی لورستان خۆیان بەكورد نازانن لەبەرچەند هۆیەكی مەزهەبی [7]... ژمارەی كوردان لەساڵی (1304 ك) بە (5،2 ملیون) داناوەو ئەڵێ بەشە گەورەكەیان ئەكەونە بەر ئیقلیمی كوردی ناو دەوڵەتی عوسمانیییەوە (توركیاو عیراق)[8].

سی - جی ئەدمۆندز لەكتێبی (كرد وترك وعرب)دا لێكۆڵینەوەیەكی سیاسییانەی زۆر وردی سەبارەت بەكوردو كوردستان كردوە، گەلێ حەقیقەتی بۆ دەركەوتووەو خستویەتە ژێر لێوەوە، باسی نەكردووە لەو كاتەی كاربەدەستی بەریتانی بووە، بەتایبەت سەبارەت بەسەرژمێرەكانی كوردو زۆرینەی كورد لەولایەتی موسڵو سێ شارەكەی خۆی ئەخاتە هەڵەوە، ئەمەش لەكێشەی موسڵ دا بەئاشكرا دیارە، هەرچۆن بێ ئەدمۆندز باسی كوردستان ئەكاو ئەڵێ: كوردستان بەتێگەیشتنێكی فراوان واتای وڵاتی كوردان ئەگەیێنێ، بەوەسفی ئەوەی كۆمەڵگەیەكی نەتەوایەتیو یەكگرتووەو ئەم وڵاتە لەنێوان توركیاو عیراقو ئێران دابەش كراوە، جگە لەپارچە پارچەیەكی چووەتە ناو یەكێتی سۆڤیەتو سوریاوە، لەبەر ئەوە كۆتایی سنووری نەچووەتە سەر هیچ مەرزێكی دەوڵەتی یاخود بەشە كارگێڕییە ناو خۆییەكان، مەرزو سنووری لەباكوورەوە بەهێڵێك درێژ ئەبێتەوە كە بە (یەریڤان) و (ئەرزەروم) و (ئەرزنجان) تێئەپەڕێ بەشێوەیەكی كەوانەیی رووەو ( حەلەب) ئەڕوا لە (مەرعەش)وە، لەخوارووی رۆژئاواوە، درێژ ئەبێتەوە قەد پاڵی شاخەكانی كۆتایی پێ هاتووی لێواری رووباری دیجلەو، پاشان سەر هەڵدەدا لەگەڵ ئاوەڕۆی رووبارەكەو زۆری لێ دوورناكەوێتەوە، لەهێڵی شاخەكانی حەمرین شۆڕبۆتەوە تا ئەگاتە خاڵێك لەسەر مەرزی عیراقو ئێران نزیكی شاری (مەندەلی).. هەروەها مستعمەراتی كۆنی توركمان هەن كەوا بەدرێژاییو لەشێوەی هێڵێك دا لەگوندو شاران، بەدەوری رێگای سوڵتانیە لەنێوان بەغداو موسڵدا لەوانەش (قەرەتەپە - كفری - دوزخورماتو - طاوق، كەركوك - ئاڵتون كۆپری، هەولێر) لەپاش موسڵیش تەلەعفەرە، بەڵام كوردەكان تیایاندا خەڵكێكی زۆرینەن[9]. هەر لەسەرەتای دەست پێكردنی مێژووەوە، كورد خەریكی كشتوكاڵو ئاوەدانكردنەوە بووە، لەدۆڵو پێدەشتەكانی رۆژهەڵاتی رووباری دیجلەو گەلێ شوێن دۆزراونەتەوە كەراستی ئەم بۆچوونەن بەتایبەتی گوندی ( چەرمو) كە كەوتووەتە رۆژهەڵاتی شاری كەركوك بە 35كم، مرۆڤی

کورد تێیدا خەریکی چاندنی دانەوێڵەو گەنمو جۆ بووە، هەر لەم گوندەدا پێداویستیەکانی کشتوکاڵیان دۆزیوەتەوە [10]. بۆیە ئەدمۆندز ئەڵێ لەبەرئەوەی کوردی عیراق نەتەوەیەکی کشتوکاڵین و یەکگرتووی خاسیەتەکانی نەتەوایەتی‌یەکن، زۆریان جێگیربووی ولایەتی (موسڵ)ن و، کە دابەش کرابووە سەر سێ ولایەت لەسەردەمی تورکاندا، لیوایەکی تریشیان بۆ خستە سەر لەساڵی 1918 ئەوانیش لیوای موسڵ و باکوری زێی گەورەو جوگەلە ئاوەکانی تا سنوری تورکیاو سوریا هەروا لیوای (اربیل - هەولێر)ی نێوان موسڵ و ئاوەڕۆی زێی بچوک و، لیوای کەرکوک و پاشان سلێمانی تاکو خوارووی زێی بچوک، بەڵام قەزاکانی خانەقین و مەندەلی هاوسێی، ئەو دووانە سەر بەولایەتی بەغدا بوون و (زۆرینەی دانیشتوانی کوردن) ئێستا هەردوو قەزاکە سەر بەلیوای دیالەن کە لەدوای ساڵی 1918 پێکەوەنرا [11].

پێناسەی شاری کەرکوک

کەرکوک یەکێکە لەشارە کۆنەکانی کوردستان و یەکەم خشتی بنیات نانی ئەم شارە بەدەستی لۆلۆیی‌یەکان دانراوە، کۆنی ئەم شارە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەم (قەڵا - کەلات)ە، دێرینەی کە پێکهاتبوو لەچەندەها خانووبەرەی بیناسازی سەردەمە جۆر بەجۆرەکانی ئاشوری و کلدانی و گاورو جوو، زەردەشتی و موسڵمان [12]، ناوی شاری کەرکوک لەبڕێ سەرچاوەدا هاتووە بە( کرخ سلخ - کەرخاسلوخ) بەو واتایەی شاری بەشورە دەوردراو. بابلی‌یەکان شاری کەرکوکیان دەناسی و ئاشوریەکانیش بەخودی شارەکەو دەوروبەریان وتووە (ئارافە - عرفە)و شارەزایان لەو باوەڕەدا بوونە کەوا شارێکی گەورە بوو بێ و لەم قەڵابەرزەوە پارێزگاری لێ کرابێت. هەندێکیش لەو باوەڕەدا بوونە کەرکوک ناوی (کەرخ سلوقس) بووبێ، کە ناوی یەکێک لەسەرکردەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنی بووەو هاتووەتە ئێرەو ئەم قەڵایەی دورست کردوە، پاشان گۆڕانکاری بەسەر ناوەکەی‌دا هاتووەو بووە بە (کەرکوک)[13].

بوونی ئەم ئاگرە پیرۆزەی باباگوڕگوڕ کە پێی وتراوە ئاوری ئەزەل یان ئەزەل ئاگرو، لەبەر پیرۆزی ئاگرەکە بەلای خەڵکی زەردەشتیانی ئەم ناوچەیەی گەرمیان پەرستراوە، یاخود بەپیرۆز راگیراوە، تاوای لێهاتووە کەسانێکی تایبەت لەپیاوانی ئایینی بتوانن لەئاگرەکە نزیك ببنەوە بەنیازی وێردو پاڕانەوە، ئەو خێزانە رەسەنانەی خانەوادەی موغەکانی دانیشتووی (کەرخاد بیث سلوخ) کەرکوک، بەیانیان زوو دەهاتن لەچواردەوری ئەم ئاگرە کۆ دەبوونەوە بۆ نوێژو وێردکردن لەسەدەی شەشەمی زاییندا و، زۆربەی دانیشتوانی گوندەکانی هەردوو ناوچەی ( حذیب و بیث جرمی) کە ئەکاتە (هەولێرو کەرکوک و دەوروبەری)( خاوەنی بیروباوەڕی زەردەشتی بوون [14]، دەبێ ئەوەش بوترێ زۆربەی پیاوە ناودارەکانی ئەو (کەنشت و دێرانە)ی ناوچەکانی گەرمیانی کەرکوک و هەولێر لە (بیث جرمی وحذیب)و ناوچەکانی داسن و (بیث عبهی) و شوێنانی دی ئەمانە بەرەچەڵەك و زمان کورد بوون و بەڵام باوەڕیان بە (مەسیح) هێنابوو، گەلێ هەواڵیان بەزمانی ئارامی نووسیوەتەوە، گەلێکیشیان شەهید کران لەسەردەمە جۆر بەجۆرەکانی حوکمی ساسانیان لەوانە ( هسبس) سەر گەورەی (کەشیش = قەس)ی رەهاو مامۆستای‌کوڕی (دیصان) کە

لەسەر دەستی بووەتە مەسیحی، شاهدۆست کە جاثلیق بووە، هەروەها (صبر ئیشوعی یەکەم) کە سەرەتا شوان بوو لەناوچەی شارەزوور پاشان لە ( نصیبین) فێری خوێندن بووە، ئینجا کراوەتە سەرگەورەی (لاشوم = لاسین)ی داقوق نزیك کەرکوك [15].

شاری کەرکوك کۆنە شارەو سەردەمی پەیدابوونی ئەگەڕێتەوە بۆ سێ هەزار ساڵی پ. ز لەسەرچاوەیەك بەناو (التقويم الجغرافي) ناوەکەی بەشێوەی (گرەکین) هاتووە پاشان گۆڕدراوە بۆتە (کرخ سلوخ) کە دراوەتە پاڵ (سلوقس)ی یۆنانی[16] یاقوت ئەلحەمەوی لەکتێبی ( معجم البلدان) ناوی ئەم شارەی بە (کرخین) بردوە، کەرخینیو کەرەکینی واتای ئەم شارە کەرکوکی ئێستا کە چەندەها حکومەتی بەخۆیەوە دیوە، ئەم شارە بەناوی (کورکورا)و باباگوڕگوڕیش ناسراوە، کە ئاگرێکی ئەزەلی تێدا گڕی گرتووە کە سەرچاوەی نەوتە پاشان ناوی ئەم شارە بووە بە (کرخ سلوخ) لەسەردەمی سەلوقیەکانو وشەکە پاشان بووەتە (کرخینی وکرکوت وکرکوك)[17].

شاری کەرکوك ( ئارابخا) کە خاوەن کەلاتێکی کۆنەو لەسەر پاشماوەی دێرینەیەکی کۆنتر دروست کراوە هەروەك ناوەکەی لەو نوسراوە قوڕینانەی کە تێیدا دۆزراوەتەوە بەناوی (ئارابخا) کە پاشان کراوەتە (عرفە)ی گەڕەکی کرێکارانی تازەی شەریکەی نەوتو ژمارەی ئەو نوسراوە قوڕینانە لەناو قەلاکەدا دۆزراوەتەوە (51) لەوح بووەو مێژوویان ئەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی دووەمی پ. ز، کۆنترین ناوبردنی ئەم شارەی ئارابخا بۆ سەردەمی (حمورابی) ئەگەڕێتەوە [18] لەکتێبی ژیاننامەی (صلاح الدين الايوبی) کە دانەرەکەی (ابن شداد الموصلی)یە لەلاپەڕە (193)، هەروەها لەمێژووی (تاريخ بنی سلجوق)کە دانەرەکەی (ناصر الحسينی)یە لەلاپەڕە (179)، چۆنیەتی گۆکردنی ناوی شاری کەرکوك بەشێوەی (کرخانی) هاتووە، ئەم ناوەیش لەسەدەی شەشەمی کۆچیدا بووە[19] خاوەنی کتێبی (الاكراد من مسالك الابصار)یش ناوی ئەم شارەی بە (الكرخين) دەباو هەندێ جاریش ئەنوسێ (الكرخانی والكرخينی) لەسەدەی هەشتەمی کۆچی[20]، شاری کەرکوك یەکێکە لەشارەکانی گەرمیانی کوردستانی باشوورو، خوالێخۆشبوو مامۆستا (تۆفیق وەهبی) لەم بارەیەوە نوسیویە: ((ناوچەی (کەرکوك)ی ئێستا کەوتۆتە لێواری چیاکانی زاگرۆسو زێی خوارو، دیجلەو بەرزاییەکانی حەمرینو (سیروان - دیالە)، هەمان ئەو ناوچەیە کە لەسەردەمی ساسانیەکان بە ( گەرمەکان) ناودەبرا . . ئەو ناوەی کە سەرچاوە مەسیحیە سریانیەکان نوسیوویانە بەشێوەی (بيت گرمای)و بەکورتکردنەوەی بووەتە (باگرمێ)، کە بەعەرەبی کراوە (باجرمێ) یان (جرمقان)و لەگەرمەکانی ساسانیەوە کراوەتە عەرەبیو ئەو دوو گۆ - لەفزە سریانیەی (بيت گرمای) یاخود (بيت گرمێ). هەروا شێوەی گۆکردنی ئێرانیانی (گەرمەکان) هەموو مەبەست لە (نیشتمانی گەرم، (یاخود وڵاتی گەرمە)))[21]. دکتۆر جەمال رەشید ئەڵێ ((ئەم شێوەی (بيث گرمی) ئارامیە گۆڕدراوە بۆ (باجرمی) لەعەرەبیداو هەر لەسەر شێوەی ناوە جوگرافیەکانی (بيث زبديتا ← بازبدا، بيث قردو ← باقردی، - بيث درايه ← بدره)و چەندەهای تر، هەروەها لەناوی (جرمی) وشەی (جرمق) پەیدابووە، لەعەرەبیدا کۆی (الجرامقة) کە شێوە کۆنە کوردیەکەی (گەرەمیك) کە گۆڕدرا بۆ (گەرمیانی) بەواتای

(خەڵكی وڵاتی گەرمیان))[22] لەسەردەمی موسڵمانان دا ئەم شارەی كەركوك ناوەندی لیوای (باجرمێ = بیت گرمای = وڵاتی گەرمیان)بووە. وا دیارە ئەم كوردانەی دانیشتووی گەرمیان، لەسەرەتای پەیدابوونی ئاینی مەسیحی دەسگیری ئەم ڕێڕەوو ڕێبازە بوونە، چەندەها سەرچاوە ناوی پیاوی ئاینی مەسیحی كوردی بۆ تۆماركردوین كە، كەشیش‌و ڕەبەن بوونە وەك (شمو بن فاغو) لەبیث دابیش، بارشبای شارەزوری‌و ناتنیال شارەزووری لەسەردەمی حەوتەمی زاین‌و بڕێكی تریش كە لەمەوەپێش باسمان كرد [23]. مێژوونووسی تورك (شمس الدین سامی بەگ) لەم شارەی كەركوك دواوە لە (قاموس الاعلام)ی كەوا كەركوك كەوتۆتە لای باشووری ڕۆژهەڵاتی موسڵ‌و ماوەی (160)كم لێوە دوورەو ئەڵێ كەركوك لەكەناری دۆڵ‌و شێوێكی فراوانە لەنزیكی زنجیرە گردێك لەسەر دۆڵێك كە پێی ئەڵێن (وادی ادهم). ئەم شارە ناوچەی (مركز)ی شارەزوورەوە، (30) هەزار كەسی تێدا دەژێ‌و قەڵایەكی پتەوی هەیە لەگەڵ 36 مزگەوت‌و 7 قوتابخانەو 15 تەكیەو 12 خان‌و 1282 كۆگاو(موغازە)و دوكان، 8 گەرماو (حمام). .. لەچوار بەش سێ بەشی كوردن‌و بەشی چوارەم تورك‌و عەرەب‌و 460 كلدانی‌و 740 جوولەكەی تێدایە.[24]

یەكێك لەوانەی لەمیللەتی كورد دوابێ (درایڤەر)ە لەساڵی 1919ز نامیلكەیەكی بەناوی (كوردو كوردستان) نوسیووە، باسی وڵاتی كوردانی كردووە لەگەڵ دابەش بوونی كارگێڕی ناوچە كوردییەكانی لەسەردەمی عوسمانیدا وتویەتی كوردستانی باشوور لەخوارووی دەریاچەی (وان)ەوە دەست پێدەكات تاكو شارۆچكەی (مەندەلی)و ئەم ئیقلیمەش بەلانكی سەرهەڵدانی گەلی كورد دەژمێردرێت كە یەكێكە لەنەوەكانی گەلی (كوردوینی) كۆن، هەندێ ناوی شارانی ئەم ئیقلیمە بریتی بوونە لە ( جزیرە، زاخۆ، ئاڵتون كوپری-پردێ، اربیل-هەولێر، كەركوك، ڕەواندوز، سلێمانی، كویسنجەق)، پاشان ئەڵێ كوردەكانی كەركوك بەشێوەی موكری دەئاخێون [25].

كەركوك هەموو كاتێ میرنشینە كوردییەكانی كوردستان فەرمانڕەوای بوونەو لەساڵی (1267ك/1851ز) ئەم شارە بەشێك بووە لەئیمارەتی ئەردەڵان كە بابا ئەردەڵانی یەكەم دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیەیەو پاشان كەوتە دەستی میرنشینی بابان لەدوای ئەوە بووەتە ناوەندی ولایەتی شارەزووری عوسمانی تاكو ساڵی 1879ز [26] گرنگترین سەنجەقەكانی ولایەتی شارەزوور بریتی بووە لە (كەركوك، هەولێر، حەریر، كۆیە، شەمامك، نشێوی، مەخمور، شارەزوور، شارباژێر، مەرگە، شەمیران، قەرداغ، قزلجە، چیای حەمرین‌و هی دی)[27].

لە (دائرە المعارف الاسلامیە)، باسی ڕەوشی گارگێڕی ناوچەی كەركوك ئەكات لەماوەی دوا ڕۆژانی دەسەڵاتی عوسمانی كەوا كەركوك بریتی بووە لەناوەندی ئەیالەتی شارەزوور لەسەدەی هەژدەو ئەم سێ لیوا تازەیەی دەگرتەوە ( كەركوك، ئەربیل- هەولێر، سلێمانی) پاشان ناوی شارەزوور لەسەنجەقی كەركوك نراوە، لیوای كەركوكیشی گرتەوە، پاشان ولایەتی موسڵ لەساڵی 1879 پێكهێنرا، دوای ئەو ولایەتی موسڵ لەسێ سەنجەق دروست بوو، ئەم سێ لیوایەی لەخۆی گرتبوو (موسڵ، كەركوك، سلێمانی)، لەساڵی 1918

سێ قەزا لەباكووری زێی بچوك لەكەركوك دابڕا بۆ دروست كردنی لیوایەك بەناوی (اربیل -هەولێر)و، ئەم سەنجەقانە سەر بەولایەتی موسڵ مانەوە تاكو هەڵگیرسانی جەنگی یەكەمی جیهانیو پاش ئەو جەنگە هێزەكانی بەریتانی توانیان داگیری بكەنو لەساڵی 1918، ئەو هێزانە توانیان كەركوكیش داگیربكەن [28].

پاش لكاندنی ولایەتی موسڵ بەدەوڵەتی عیراقی تازە دروست بوو، كە بەبڕیارێكی نێودەوڵەتی كۆتایی پێهات، لەو بڕیارەدا مەرجێك دانرابوو كە ئەبێ بەریتانیاو عیراق پابەندی ئارەزووەكانی كوردان بن بەتایبەتی ئەوانەی داوای بوونو دامەزراندنی كارگێڕی بەرەگەز كوردیان دەكرد بۆ هەڵ سوڕاندنی وڵاتەكەیان، زمانی كوردیش ئەبێ زمانی رەسمی بێت لەدامو دەزگا جۆر بەجۆرەكان [29]. لەساڵی 1931 لەشاری كەركوك بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە هەبووە بەناوی (مفتشیه معارف منطقة كوردستان).

سەبارەت بەو هێرشانەی لەلایەن (نادر شا)ی ئێرانەوە كراوەتە سەر كوردستانو شارەكانی كەركوكو هەولێرو ناوچەی شارەزوور، لەساڵی 1156ك ناكۆكی نێوان سەفەویو عوسمانی لەسەر خاكی كوردان، سەرچاوەیەك[30] دەگێڕێتەوە كە پاش ئەوەی نادر شا گەمارۆی بەغدای دا بۆ ماوەی بیست رۆژ دێهاتەكانی تێكداو پاشان رووی كردە شارەزوورو كەركوكو هەولێرو دوایش رووی لەشاری موسڵ كرد، بەدوو سەد هەزار كەسێكەوە بۆ ماوەی 40 رۆژ گەمارۆیدا، نادر شا توانیویە بچێتە ناو شارەزوورەوە داگیری بكات خەڵكەكەی ملكەچی بن، پاش ئەوە هۆزە كوردەكانی چوونەتە ژێر ركێفیەوە، ئینجا رووی لە (قەڵای كەركوك) كردووەو بۆ ماوەی هەشت رۆژ گەمارۆی ئەداتو 20 هەزار تۆپی پێوە ئەنێو خانووبەرەی تێكداوەو خەڵكەكەشی خۆیان بەدەستەوە ئەدەن [31]. سەفەوییەكان دووجار هێرشیان كردوەتە سەر كەركوك، ئەو كاتەی پایتەختی سیاسی ولایەتی شارەوزوور كەركوك بووە، لەم سارچاوەیەدا بەئاشكرا دیارە سوپای عوسمانیو سەفەوی پشتیان بەكوردان بەستووە نادر شا توانیویە خەڵكێكی زۆر لەئەفغانو كورد لەدەوری خۆی كۆبكاتەوە كاتێ هێرش ئەباتە سەر بەغداو خەڵكی هەموو لەپێشی هەڵدێن بەتایبەتی گوندنشینەكان، بۆیە عوسمانییەكان بە (بیك الدرنه - پلەیەكی سوپاییە) بەسوپای كوردەكان بەرەنگاریان دەبنەوە [32]، ئینجا لەمەبەدواوە دەستیانكردە هێنانی قزلباش عەمامە سورەكانی شیعەو دەستیان كردە بڵاوكردنەوەیان بەكەركوكو دەوروبەری ( تازە خورماتوو، تسین، بەشیر، لەیلان، قەرەحەسەن) ئەدمۆندز ئەڵێ لەگەڵ مێژوونووسانی عیراق وتوێژم كرد سەبارەت بەهاتنی توركمان بۆ ئەم ناوانەو هەر یەك بەم جۆرە مەزەندەی لێ دەدا كە ئەمانە گوایە سەلجوقییەكان لەئەنەدۆڵەوە هێناویانن، ئەمانە نەتەوەی ئەو ئەسیرە توركانە... بوون كە كەوتنە دەستی تەیمورلەنگ، یان سوڵتان سەلیمی یەكەم (یاوز) سلێمانی یەكەمی قانونی (1512 - 1566ز) لەئەنەدۆڵەوە ئەمانەیان هێنا بۆ پاراستنی رێگای سوڵتانیە، ئەمانە نەتەوەی ئازەربیجانەكانی (مراغه)ن ئەوانەی كە شا ئیسماعیلی سەفەوی (1502-1524ز) كۆمەكیانی كرد لەحامیەكانی لەشكردا لەماوەی داگیركردنی عیراقدا، لەوانەیە بگەڕێنەوە سەر ئەو حامیەیەی ئازەرییەكان كە (نادر شا =1730-1747ز) دروستیكردوە ناوی قزلباشیش وەكو وتمان واتە سەر سورەكان كە بەنۆ تیرەی ئازەری ئەوترا بەهۆی سوری عەمامەكانیان ئەمانە سوپایەكی بەهێزیان لێ دورست بوو

لەكاتی شا ئیسماعیل دا [33].

( عباس العزاوی) ئەڵێ لەناو شاری كەركوك دا روحێكی ئەدەبی هەیە مەیلیش بەرەو زمانی فارسی زیاترەو چەندەها دیوانی شیعری فارسی تێدا بڵاوبووەتەوە رەواجی هەیە خەڵكی ئەم شارە خویان داوەتە ئەدەبی فارسیو توركی وای لێهاتووە كە زمانی توركی لەم شارە ببێتە زمانی لەیەك گەیشتن، هۆی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ نیشتەجێ بوونی ئەو قەومە توركانەی كە زمانیان ئازەرییەو نزیكە لەتوركی ئەنادۆڵەوە، كەركوكیش گەورەترین سەرچاوەی كاربەدەستانی تورك بوو لەسەردەمی عوسمانیدا [34].

كەركوك ئەكەوێتە سەر هێڵی پانی باكووری (35)پلەكو (28) دەقیقەو درێژایی رۆژهەلات (41) پلەكو (45) دەقیقەو یەكێكە لەشارە گرنگەكانی نەوت [35]. رۆژگاری كەركوك گەلێ كەسو فەرمانڕەوای بەخۆیەوە بینیوە، دەست بەدەست هاتووە وەكو فارسو رۆمو مەغۆلو تورك هەریەكەشیان هەندێ شوێنەواری لێ بەجێماوە. لەدوای سەردەمی ئیسلامیدا دانیشتوانی ئەم شارە كەم بۆتەوە، تاوای لێهاتووە بووەتە بەشێك لە (داقوقا)و پاشان شوێن خۆی گرتووەتەوە[36]، سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی شارەكە بەهۆی ئاوی بیرو كارێزو كانیيەوە بووە، بەلام لەدواییدا بەهۆی زێی خواروو. سەرچاوەی نەوتو ئاگرەكەی لەدەوروبەری ساڵی (550 پ. ز) پەیدابووە [37]، كاتێكیش فارسەكان بەم ئاگرەیان زانیوە هەر لەبەر ئاگرەكەش بووە كەركوكیان داگیر كردووە، شاكانیان ئاهەنگی ئایینییان لەچواردەوری بەرپاكردوە قوربانیان بۆ داوە، هەندێ كەس لای وایە ئەم قەلایە بەخۆڵ دروست كراوە لەشێوەی گردی گەورە پاشان قەلاكەیان لەسەر بنیات ناوەو بەم كارە نەمرەشیان وتووە (كاركۆك) كاری پوختەو پاك[38]، شاری كەركوك بەهۆی ئاوی (خرخاسە)وە بووەتە دوو بەشەوە قەلاو دەوروبەری، بەو دیویشیان وتووە قۆریە یان خواریە وەك هەندێ كەس بۆی ئەچن. باباگۆڕگوڕ بووەتە نازناوی ئەم شارەو (بابا) لەزمانی كوردیدا واتای باپیرە دێتو بەرامبەری وشەی (پیر) بەكارهێنراوە وەك نازناوی پیاوە رۆحییەكان وێنەی (پاپا)ی لای گاورانو پاشان هاتووەتە ناو كوردستان وەك نازناوێك لەدوای دەست بەسەردا گرتنی سەلجوقییەكان بەسەر ئێرانو كوردستانو عیراق دا، یەكەم كەسێ ئەم نازناوەی پێدرابێ (بابا تاهیری عوریانی هەمەدان)یەو، لەلایەن سوڵتان توغرل سەلجوقی لەكاتی چاوپێكەوتنیدا، پاش ئەویش ئەم نازناوە بووە میراتی باوكە رۆحییەكانی كوردستان بەتایبەت شێخانی كاكەییەكانو لەوێنەی (بابا عەلی هەمەدانیو باباناوز، بابا یادگار، بابا ئەردەلان، باوەشاسوار، باوە قەتاڵ، باوە پلاوی، باوە مەحمی، بابان، ...) بەلام وشەی پیر ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە كۆنەكانی (پیرموغان) ئەمەش كورتكراوەی وشەی (پدەر)ی بەرامبەر وشەی (بابا)یە، پێشتر دراوەتە پاڵ كەسانی وەك ( پیرەمەگرون، پیرمەسویر، پیر میكایل، پیریادی، پیرپیران)و ئەمجا دراوەتە پاڵ شێخانی قادری وەك ( پیر گەیلانی، پیر ولیانی، پیرحەیاتی) [39]. جوانترین شوێنە گەشتو گوزارەكانی كەركوك بریتی بوونە لەچوارباخو كانیاوەكانی قەرەهەنجیرو قەرەحەسەنو بەرزاییەكانی لای یارەوەلیو ناحیەی شوان ( ئۆمەرەگەدەو تەنگی عەلی جامان)[40].

**سنوری لیوای کەرکوك**

لەباشورەوە دیالەو لەباکوری رۆژئاوای لیوای هەولێرو بەشێکیش لەموسڵ، لەباشوری رۆژئاوایشی لیوای بەغداو بەشێك لەلیوای دیالەو، لەباکوری رۆژهەلاتیشەوە لیوای سلێمانیە(41).

**کەرکوك‌و دابەشبوونی کارگێڕی**

لەسەردەمی پاشەیەتیدا پێش بەرپابوونی شۆڕشی ساڵی 1958 بەم جۆرە بووە، ناوەندی قەزای کەرکوك بنکەکەی هەر لەکەرکوك بووەو پێکهاتەی ئەم قەزاو ناحیانە بووە (پردێ - ئاڵتون کۆپری)، (قەرەحەسەن - لەیلان)، (شوان)، (ملحه)،، قەزای (چەمچەماڵ) پێکهاتەی ئەم ناحیانە بووە (ئاغجەلەر، سەنگاو)، قەزای دوزخورماتوو بریتی بووە لە (ناحیەی داقوق، ناحیەی قادرکەرەم)، قەزای کفری بریتی بووە لە (ناحیەی پێباز-پیواز، ناحیەی شێروانە، ناحیەی قەرەتەپە)(42).

**دابەشبوونی جوگرافی هۆزەکانی پارێزگای کەرکوك**

1- هۆزی زەنگنە: لەچەند ناوچەیەکدا ئەژین وەك کەرکوك‌و ناوچەی قادرکەرەمی رۆژهەلاتی کەرکوك‌و کۆمەڵە گوندێکیان هەیە لەنێوان ئاوی رۆخانە (باسەرە) لەرۆژئاواوە، ئاوەسپی لەرۆژهەلاتەوە، زنجیرە چیای ئیمام زەنور لەسەرەوە، تیرەی شێخانی‌و تاڵەبانی‌و گل لەخوارەوە ئەکەونە نێوان هۆزەکانی جاف‌و هەمەوەندو شێخان‌و جەباری‌و تاڵەبانی خاوەنی گەلی گوندو دێهاتن(43).

2- هۆزی جەباری : ئەم هۆزەش نیشتەجێی‌کەرکوك‌و ناوچەی قادرکەرەمی کەرکوکن، سنووریان لەباکورەوە شوانی خاسەو لەخوارەوە (شیوی لەیلان)و لەرۆژهەلاتەوە قەزای چەمچەماڵ، لەرۆژئاواوە کەرکوك. لەگوندەکانیان (پاریاولا، نەورۆز، تاوێر بەرز، حەسەن خان، حەمك، عەلی مستەفا، زەردە، عالیاوە، مەحمود پەرێزان، گوڵەمەد، بانگۆل، قۆچەلی، قەلاوێز، ئەکێ، زەوج تەپەکوڕە، جافی، هەنارە، مۆرانە، هەفتاچەشمە، کوڵەبان، گۆران، شێرمەدەر، پیوزل، بەکر باولان، وەستا خدر، چەنگز، قایتەوان، قەلا مکایل، حەمە شەریف(44).

3- هۆزی کاکەیی: ئەمانە لەسەردەمانێکی زۆر کۆنەوە نیشتەجێی شاری کەرکوکن بەتایبەتی بەهۆی بوونی چەند شەخسێکی پیرۆزیان لەم شارەو دەوروبەری، بوونی زاتێکی وەك (ئیمام ئەحمەد) کە بەخان ئەحمەد نێوی دەبەن بۆتە هۆی جێگیربوونیان لەچواردەوری ئیمامەکە (مصەلا، چای) لەکتێبی (الکاکائیە فی التاریخ) باسی هۆزی کاکەیی ئەکات لەشاری کەرکوك‌و ئەڵێ کاکەییەکان نیشتەجێی ئەم گەڕەکانەن (مصلی، چای) پاشان سەرژمێری گوندەکانیان ئەکات بەلام ئێمە ژمارەی کەسەکانمان بۆ خستە سەر (1947): تۆپزاوە (301) کەس، عەلی سەرای (458)کەس، زەنقر (264)کەس، تەل رابە (78)کەس، دەلس بچوك (201)کەس، دەلس گەورە (80) کەس، ربیدە (؟) کەس، ئەلبو سەراج(150)کەس، جنگلاوە (208)کەس، ئەلبو محەمەد (270) کەس، عەرەب کۆیی (211)کەس، مەتیق (208) کەس، پاشان ئەڵێ

کاکەیی‌یەکان زۆریان حەز لەرۆشنبیری‌یە بەتایبەتی لەشاری کەرکوك‌و باری گوزەرانیان گەڵێ خۆشەو چەندین کاربەدەستیان لێ پەیدابووە لەم شارە ناوی هجری دەدەو (خضر لطفی) بەنموونە هێناوەتە[45].

ژمارەی هۆزی کاکەیی دانیشتووی گوندەکانی ناحیەی داقوق لەساڵی 1985 بریتی بووە لە (2063) کەس‌و لەساڵی 1957 ژمارەیان (2662) کەس بووە[46]، ئەمەش بەهۆی داگیرکردنی زەوی‌و زاریانەوە رێژەیان کەم بووەتەوە، ئەم (مقاطعة) زەویانە سەر بەکاکەیی‌یەو ئەکەوێتە رۆژئاوای داقوقەوە، کەرتی 45 سنوور پێوانەی رووبەری (3991) دۆنم، کەرتی (50) عەدنانی‌یە رووبەری (862) دۆنم، کەرتی (46) تۆپزاوە (361) دۆنم، کەرتی (47) مەتیق (6184)دۆنم، کەرتی (25) عەرەب کۆیی (6289)دۆنم، کەرتی (26) ئەلبو محەمەد (2936) دۆنم، کەرتی (52) مربعە (2107) دۆنم، کەرتی (55) حەشیشە (5700) دۆنم، کەرتی (48) دەلس (4436) دۆنم، کەرتی (49) سێکانی بانشاخ (999) دۆنم [47]، ژمارەی گوندەکانی داقوق بەپێی سەرژمێری ساڵی 1957 بریتی بووە لە (62) گوند، ئەو هۆزانەی لەم ناحیەیەدا نیشتەجێن بریتین لەسێ هۆزی (داودەو تاڵەبانی‌و کاکەیی) لەگەڵ بەشێکی کەم لەهۆزەکانی دی[48] بەگوێرەی زانیاری (مێجرسۆن) لەساڵی 1918 بۆ هۆزەکانی لیوای کەرکوك‌و سلێمانی داناوە ژمارەی ماڵانی کاکەیی 1500 ماڵ بووە، خەریکی کشتوکاڵ بوونە لەلیوای کەرکوك‌و لەنێوان حەویجەو زێی کۆیەدان‌و لەناحیەی قۆرەتووی خانەقین[49]، لەسەرژمێری 1922 گوندەکانی کاکەیی بەگوێرەی ماڵەگەورە گوندەکان داقوق ئەدمۆندز نوسیویە: ئەلبو سەراج (50) ماڵ، عەلی سەرای (60) ماڵ، ئەلبو محەمەدو دەلس گەورە (90) ماڵ، عارەب کۆیی (100) ماڵ، لاسین‌و تۆپزاوە (120) ماڵ، ماتیك - مەتیق (40) ماڵ [50].

4- هۆزی شێخانی بەرزنجی: ئەم هۆزەش لەشاری کەرکوك‌و ناوچەی قادر کەرەم دان‌و ئەم گوندانەش مەڵبەندی نیشتەجێبوونیانە: پۆڵە، قەڵا مکایل گەورە، قەڵا مکایل بچوك، قەشقە، چەم سورخاو، ژاژ، شاووك، داربەسەرە، میل ناسر، قەڵخانلوی گەورە (مەرکەز)، قەڵخانلوی بچوك، گوڵەکانی، تەپەسەوز، تازە شار، چاڵەودوانە، عەلی مستەفا، قەرەچێوار، نەورۆز، پارەبوەڵەو هەندێ شوێن‌و ناوچەی دی [51]. شایانی باسە لەسەردەمانی زوو هەر سێ گوندی قەڵخانلوی گەورەو بچوك‌و کوڵەکانی دانیشتوانی کاکەیی بوو تا هاتنی ئینگلیزو داگیرکردنی عیراق، زاراوەی (قەڵخانلو = کاغانلو= کاکانلو= کاکەیی‌یەکان) لەسەرچاوە بیانی‌یەکاندا بەم جۆرە دەست نیشان کراوە.

5- هۆزی داودە: لەسەر لێواری زێی بچوك دا نیشتەجێن، لەخوارووی رووباری (رۆخانە) لەنزیکی ناحیەی قادرکەرەم‌و دوزخورماتوو لەرۆژئاوای قەزای کفری‌و ئەو دەشتانەی درێژ ئەبێتەوە بۆ رووی چیاکانی حەمرین، لەگوندەکانیان : کۆلەکانی، قەڵخانلوی گەورەو بچوك، عەزیز قادر، پیرمەوەنی، توکن، تالاو، نەوجول، میل ناسر، چاڵەدوانە، کومتی، عومەر سۆفی، حەیدەرە سوور، گەرمك، هەردوو وارانی، جوری، کۆشکی گەورەو بچوك، کرکرەکان، هەردوو باش تەپە، سەفەر بەیات، ئیمام محەمەد، شێخ هەوازی، قەڵا، هەردوو تەپە چەرمك، ساڵەیە، قواڵی، قەڵای چەرمك، هەردوو زندانە، دوراجی، عەزە، پەڵکانە، نەهرەوان، لەك، قوشلان، جەرەس، تەپەسەوز، خدروەلی، شۆراو، ئەعجەمشت، سەنگر، ئەلبو سەباح،

شاسیوان، مازوغ، سێیەکی دێی یەنگیجە، چۆرەکە، زەندە مەلا یوسف، زەندە بەنجیز، حەفتەغار، گڵی تەپە، ئەلبو نەجم، جەنگلاوە، ئەلبو سەڕاج، تەل بسەڵ، شەڵخە، قەرەتامۆر، غروب، خشافتە، سماقە، کانی بی (52)، شایانی باسە هەندێ گوندی داودە کاکەیی تێدا بووە لەساڵی 1922 وەك تالاو، شۆراو، ئەلبو سەراج، تەل بسەڵ.

6- هۆزی تاڵەبانی: ئەم هۆزە نیشتەجێی کەرکوك و ناحیەی داقوق و ناحیەی قادرکەرەم و لەیلان-قەرەحەسەنن(53).

7- هۆزی جاف: ئەمانیش لەشاری کەرکوك بەتایبەتی گەڕەکی (شاتری - شاترلو) نیشتەجێن و لەقەزای چەمچەماڵ و کفری و ناوەندی ناحیەی سەنگاو و گوندەکانی و عەشیرەتێکی گەورەن(54).

8- هۆزی هەمەوەند: ئەمانیش نیشتەنی شاری کەرکوك و ناوچەکانی چەمچەماڵ و دەوروپشتی بازیان و بلاوبوونەتەوە(55)، چەند تیرەیەکن و سنوریان لەباکورەوە شوانی بازیان و چیای توکمە، لەخواروو (تاوق صو)، لەرۆژهەلات زنجیرە چیای تاسلوجە و بن زەرد، لەرۆژئاواوە قەرەحەسەن و شوانی خاسە.

9- هۆزی شوان: لەدانیشتوانە کۆنەکانی ناو شاری کەرکوکن و گوندی شوان لەئەحمەد ئاغای کەرکوك پاشان بووە بەگەڕەکێك بەناوی خۆیانەوە، بنکەی سەرەکی ئەم هۆزە رێدارو ئەو گوندانەی ناحیەی شوانە کە ئەمانەن: جەوەجەوە، قولی بەگ، تۆراخ، دووبزنی، قادر زەمە، حەسار تەها، کارێز، بیرالك، عەلی بەیان، دارەئەختیار، ئیلینجاخ، ئۆمەرمەندان، تورکمان باخ، تەرەقە، دوو شیوان، نێبەسەرە، ناڕووجەی حاجی جەرجیس، ناڕووجەی ئەحمەد رەجەب، ناڕووجەی محاملە، هەردوو تەپە کوڕە، مەحمەخان، قادر عەلی، ئۆمەر بەگ، پاپیلان، هەردوو حاجی بەیخان، سمایل بەگ، قەرەبلاخ، قەدەر، گەنیاك، هەردوو جانقز، مام رەش، خدر شیرین، تورکە، برایم زانە، جولحان، گورگان، تۆمار، عەلی موسا، کلاوقوت، گوڵمکەوە، رەحیماوە، فەقێ میرزا، پەڵکەڕەش، یەختەخان، عەلی مکایل، ئاوباریك، گۆران، دەلۆ، پیریجان، سوورەدێ، قەفار، هەردوو داربەسەرە، ناسرو میسر، کارێزەی خاڵخالان (56).

10- هۆزی شێخ بزێنی: ئەم هۆزە جێگیربووی ئەو گوندانەی کە لەهەردوولای زێی بچوکدان، کەلەسەرەوە بەشی کۆیەو لەخوارەوە هۆزی شوان و لەرۆژهەلاتەوە لەتەق تەق لەلای راستی زێ و رووباری (شیوەسور) لەنزیك (گونداڵ غاج) و لەلای چەپی هەمان رووبار لەرۆژئاواوە ئاڵتون کۆپری و هۆزی ساڵەیی یە. ناوی برێ لەگوندەکانیان (تولکی، هەردوو قەرەسالم، کاولە سوار، شەوگێڕ، پەڵکانە، دەرماناو، عەمدۆن، هەردوو مەرزیخە، حەسەن قەباخ، کانیرەش، جگیلە، سماقە، گورزەیی، شاباز یاسە، ئەمانە خاوەنی (50) دێ بوونە(57).

11- هۆزی ساڵەیی: ئەمانە لەسێ شوێندا هەن ناوچەی گل و کەرکوك و قەرەحەسەن و گوندی (سەربیر)ی نزیکی پردێ، قەرەچەم، بای حەسەن، مشێرفە، ئەبو خورجە، هەردوو ملحە، توێلعە، عەلەغیر، مامە، خەرابە، رووتە، سمایلاوا، تەق تەق، کوخە رێوی، دۆرم، مامشە، نەرعەلی، سابونچی، قوشقایە، دوبز، قەرەدەرە، قایە باش، کتکە، قەرە غەنتور، گورزەیی، نەبیاوە، شانشین، غەز نەفەر، هەردوو، چیا چەرمگ،

هەردوو دەرماناو، سەربیر، گەڵۆزی، گەوەنی، رۆژبەیانی، قادر باغر، هەردوو پیرە سپان، یارمجە)[58].

12- هۆزی رۆژبەیانی: ئەم هۆزەش لەکەرکوك‌و تۆپزاوەو دێی فەرقان‌و مەتارەو لەیلان‌و هەندێ شوێنی دی نیشتەجێن[59].

13- هۆزی گل: گل هەرێمێکی زۆر کۆنە، ئەکەوێتە نێوانی دوو شیوی ناوداری بەناوبانگ یەکەم ئاوەسپی کە لای خۆرهەڵاتەوە شۆڕ دەبێتەوە تا باشوری، دووەم ئاوی رۆخانەیە، هەرێمی گل بریتی بووە لەم دێیانەی : ( گل، کۆمۆر، جان وەیس بەگ، کۆرمۆر عەلی خان بەگ، کۆشك، ئاوبارێك، فەرهاد بەگ، بەهرام بەگ، کانی قادرمیران بەگ، کەلاوە قەڵای عاشور، سۆفی رەزا، دارتوو، ئەحمەد بەگ... ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانی ساڵی (1310ك) باسی گلی کردوە کە ناوەندی ناحیە بووە سەر بەسەنجەقی کەرکوك بووەو نزیکەی (50) گوندیان هەبووە، سنووری گل لای باکووری خۆرهەڵاتی زەنگنەو لای باکوری خۆرئاوای جەباری‌و شێخان‌و، لای باشوری خۆرهەڵاتی داودەی کوردستان‌و لای باشورەوە داودەی خواروو[60].

14- هۆزی دەلۆ: هەندێکیان لەشاری کەرکوك‌و کۆمەڵێکیان هان لەباداوەی ناوچەی قەرەحەسەن‌و گرووپێکیان لەگوندی خاسەی ناوچەی شوان دان لەم ناوچەیە بەدەلۆی سەرخاسە بەناوبانگن دەلۆ بەواتای ( دە تیرە) هاتووەو سەرەتا لەناوچەی سەنگاو بوونەو لەگوندو لادێکانی دەورویشتی کفریش دا بڵاوبونەتەوە ئەمانە (600) ماڵ بوونە لەلیوای کەرکوك‌و خانەقین‌و کفری‌و بونەتە شەش تیرە (کاشی، جاویار، پەنجان کەشت، کارێزی نارکەوەند، سەلیم وەیس)[61].

15- هۆزی ئۆمەرمل: لەکەرکوك‌و دەوروبەری دەژیان ناوچەی سەرەکیان شاری کفرییە، نزیکەی (250) ماڵ بوونە[62]، بڕێکیشیان هان لەخانەقین‌و تیرەیەکیان تێکەڵ بەکاکەیی‌یەکان بوونە.

16- هۆزی بیبانی: مەڵبەندی سەرەکی ئەم هۆزە بیبانی گەورەیە کە لەم گوندانە پێکهاتووە: کەڵوڕی باشتەپە، کەڵوڕی هەردوو دارەمان، حەساری گەورەو بچوك، حەساری کوێخا رەزا، هەردوو بیبانی، زەردك، هەردوو گۆڵدەرە، قزڵقایە، وەلی پاشایی، ئەم هۆزە لەهەردوو ئەو دێیانە نیشتەجێن کە ناوی بیبانی‌یان هەڵگرتووە لەگردەکانی گوڕگوڕ لەسەرووی رۆژئاوای شاری کەرکوك [63].

17- هۆزی کەڵهوڕی: لەهەندێك لەدێهاتەکانی ناحیەی رێدار بڵابونەتەوە جگە لەهەندێ دێهاتی بیبانی‌یەکان‌و کاتی خۆی لەسەر رێی بەغداو کرماشان دا بوون‌و هۆزێکی کوردستانی باشوورن [64].

18- هۆزی قەڵاسێوکە: لەناحیەی ئاغجەلەردا بڵاوبونەتەوە، ئەمانە ئەگەڕێنەوە سەر شوان[65].

19- هۆزی گەرمکی گەرمیان: دێی گەرمك یەکێکە لەدێهاتەکانی گەرمیانی کوردستان شوێنێکی ستراتیژی‌و جوگرافی باشی هەیە لەناو عەشیرەتی داودەو ئەکەوێتە رۆژهەڵاتی قەزای دوزخورماتوو بەنزیکی (35)کم، ئەمانە بەهۆزی گەرمکی یاخود بەسەیدەکانی گەرمك ناسراون [66].

20- هۆزی گێژ: گێژ لەنەوەکانی ئەو (کاژ)انەن، کە لەشەرەفنامەدا ناویان هاتووە، جاران لەشێروانەو کەلارو سەید خەلیل دا بوون، ئەمانە بەرگەی شەپۆلی کۆچڕەوی خێڵانی جافیان نەگرتووە، بۆیە لەسەر رووباری (نارین) ناوچەی قەرەتەپە گیرساونەتەوە [67].

21- هۆزی زەند: بنکەی سەرەکیان (زەند ئاباد)ی ناوچەی قەرەتەپەیە، بەشێکن لەلەك و ئەگەڕێنەوە بۆ کەریم خانی زەند کە دەستی بەسەر ئێراندا گرت، بەڵام قاجارییەکان هۆزەکانی لەکیان پەرتو بڵاوە پێکرد (1850ز) هۆزی زەند لەنێوان باجەڵانەکانی خانەقینو دەوروبەریدا ئەژین [68].

22- هۆزی بەیات: هۆزێکی پێکهاتەی عەرەبو تورکمانە لەناویاندا گروپێك هەن بیروباوەڕی تایبەت بەخۆیانیان هەیە وەك (پیر ئاوچلیە)و چەند گوندێکی تریان دێهاتی ئەم ناوچەیە سەر بەقەزای دوزخورماتوونو ئەکەونە سەر ڕێگای نێوان (حەمرینو دوز)، بەیات: بریتی بووە لەقەڵایەکی (لوڕستان)و نزیك بە (بەدرە)، هۆزی بەیاتی تورکی تێدا ئەژیا، شاوێردی ئەمیری لوڕستان تێکیداوە بەیاتی لێ دەرپەڕانو بڵاوەی پێکردنو بەشێکیان لەناوچەی بەیاتی ئێستای دوزخورماتوو گیرسانەوە، بەشێکشیان بەئێراندا بڵاوبوونەوە [69].

23- هۆزەکانی عوبێدو جبور: ئەمانە نیشتەجێکراوی ناحیەی ملحەن، کە ناوەندی گوندی ملحەیەو ئەکەوێتە سەر کەناری باشوری چەپی رووباری زێی بچوك نزیکەی 30 میل لەباکوری خۆرئاوای شاری کەرکوکدایە، دوای دامەزراندنی پرۆژەی ئاودێری حەویجە نیشتەجێ کران [70]، هۆزی عوبێد پێشان لەناوچەی جزیرە لەسەر کەناری سەرەوەی رووباری فورات دا بوون، بەڵام هۆزی بەدوی شەممەر لەو ناوچەیە دەریکردونو لەناوچەی ملحە گیرسانەوە [71]، ئەمانە دۆستایەتیەکی کۆنیان لەگەڵ کورددا هەیە. شایانی باسە هەندێ عەشیرەتی بچوکی تری عەرەب هەن لەهەندێ ناوچەی جیا جیا وەك هۆزی (الکروی) لەناحیەی قەرەتەپە.

کەڵاتی کەرکوك و دەوروبەری

خودی قەڵای کەرکوك دانیشتوانی پێکهاتەی کوردو تورکمانو کلدانی بوو، بۆیە ئاسەواری قەڵاکەیان تێکدا، گەڕەکەکانی چواردەوری وەك ئیمام قاسمو ئاخی حوسێنو (بلاغ = کانی)یەو ناوی گەڕەکێکی نزیك تەکیەی تاڵەبانییەو، بەناوی ئەو کانییەوە ناونراوە، هەموو کوردبوون، جگە لەگەڕەکی پیریادی کە کوردەکانی چەمچەماڵ ئاوەدانیان کردەوە.

جوولەکەشی تێدابووە یەکێك لەوانە (مەلا عابد) ناوێك بوو کە پاش موسڵمان بوونی مزگەوتێکی دروست کردو ئێستاش هەر بەناویەوەیە، دەوروبەری ( ئیمام ئەحمە) شوێنی سەرەکی کاکەییەکان بوو، قەبرسانەکەشیان لەناو حەوشەی ئیمامەکەیەو لەگەڵ چەند ژوورێکی تایبەت کە گۆڕی سەرۆك هۆزو پیاوچاکانیانە[72] لە(مصلی) تورکمانێکی زۆر هەیە، شۆریجە هەموو کوردنو گەڕەکێکیش بەناوی کاکەیی تێدایە، زۆربەی گەڕەکەکانی تێکدراون، تەپەی مەلا عەبدوڵڵا هەمووکوردبوونو کۆمەڵە ماڵێ گاوریشی تێدا بوو، گەڕەکی شاترلو زۆربەی کوردە، عەرەسە کورد بوونو پتر لە (300)ماڵ دەبوون لەم دوایە تەفروتوناکرا، گەڕەکەکانی ئیمام عەباس وعەلی بەگ زۆربەیان کورد بوون. گەڕەکی شوان کۆنە دێبوو کە ببووە گەڕەکێکی سەرەکی ناو شار هەموو کورد بوون. لەگەڕەکی خانەقا کە ئەوانیش هەموو کوردبوون کاتی خۆی لە کەرکوك دوو بازاڕی گەورەهەبووە، بازاڕی گەورەو قۆریە, دوکانو بازاڕو پیشە دەستییەکان

بەدەست كوردو توركمانەوە بوون، جگە لەجولەكەیش كە خاوەن دوكان‌و مەغازە بوون. جولەكەكان گرنگی‌یان دابووە وەزیفەو بازرگانی پێستە كڕین‌و بەن ڕەنگ كردن وەستاو كرێكارانی شارەكە كوردو توركمان بوون. كۆمەڵە ماڵێكی عەرەب لەخوارووی شارەوە هەبون بەناوی (حدیدی)یەكان ئەناسران‌و ئەمانە مەلیك فەیسەڵی یەكەم هێنایانیە كەركوك. دەوروبەری شار بریتی بوون لەگوندو دێهاتی كورد نشین وەك شوان‌و یاروەلی، چوار باخ، سێكانی، چیمەن، كوردەمیل، پەنجا عەلی، تۆبزاوە، شۆراو، گورگەچاڵ، كۆچەكی گەورە كۆچەكی بچووك، بۆنموونە ژمارەی دانیشتوانی (یاروەلی ) لەساڵی 1947بریتی بووە لە (270) كەس‌و لەساڵی 1957 ژمارەی دانشتوانی (250)كەس بووە (سێكانی ) ساڵی 1947ژمارەیان (201)كەس بووە، لەساڵی 1957 بریتی بوونە لە (253)كەس. (چیمەن ) لە 1947بریتی بووە لە (352)كەس‌و لەساڵی 1957 (700)كەس. (پەنجاعەلی ) ژمارەی دانیشتوانی لە 1947 (424)كەس بووەو لەساڵی 1957 (338) كەس بووە، (شۆراو) لەساڵی 1947 (329) كەس‌و لەساڵی 1957 (958)كەس بووەو ژمارەی خانووەكانیان (500) خانووبووە. (كۆچەكی گەورە ) بەگوێرەی ساڵی 1947 (264) كەس‌و لە 1957 (169)كەس بووە. (كۆچەكی بچوك ) لە 1957 (90)كەس بووە. (گورگەچاڵ) لە 1947 (385)كەس‌و لە 1957 (379)كەس بووە. (تۆبزاوەی حوسێن بەگ )ژمارەی دانیشتوانی لە 1947بریتی بووە لە (1280)كەس‌و لە 1957 (1152)كەس بووە. (تۆبزاوەی سدیق بەگ) لەساڵی 1957 بریتی بووە لە (154)كەس )[73] ڕووبەری پارێزگای كەركوك لەساڵی 1947دا (20376كم2)بووە. لەساڵی 1957 (363كم2) ئی كەم كراوەتەوە، بووەتە (20013كم2)[74].

بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی 1957 ڕێژەی كورد لەكەركوك (48,3٪)و عەرەب28,2٪)و (توركمان (21,4٪) بووە, لەساڵی 1977 ژمارەی كوردی كەركوك (37,5٪)و عەرەب (44,4٪)و توركمان (16,3٪) ئەمەش لەپاش دەركرنی كوردو توركمانیئەم شارەی كوردستان بەنیازی تەعریب كردنی.

### سەرەنجام

هەر لەسەردەمی دروست بوونی دەوڵەتی عیراق تاكو نەمانی دوا ڕژێمی ئەم دەوڵەتە، هیچ ماوەیەك بەراستی‌و دروستی نەدراوە باسی شاری كەركوك بكرێت‌و لەشوێنەواری بكۆڵرێتەوە لەبەر ئەوەی پەیوەندی‌یەكی ڕاستەوخۆی بەكوردەوە هەیە, بۆیە نووسین لەسەر ئەم شارە زۆركەم بوو, نووسەرو روناكبیری كورد نەدەبوو بەهێچ جۆرێك لەناو نووسراویان ناوی بەرن‌و باسی بكەن, بۆیە هەندێ جار لەپەراوێزدا چەند دێڕێكمان دەخوێندەوە، یاخود زۆرجار قسەی یەكتریان دەجوییەوە لەبەرنەبوونی زانیاری ڕاست‌و سەرچاوە. دوورخستنەوەی كورد لەم شارەو بەعەرەبكردنی هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقی‌یەوە دەست پێ ئەكات لەپاش دۆزینەوەی نەوت لەم شارە نەخشەو پیلاندانەری ئەم سیاسەتە ئینگلیزەكان بوون، هانی(مەلیك فەیسەڵ)یان ئەدا بۆ هێنانی عەرەب‌و نیشتەجێ‌كردنیان‌و دەرپەڕاندنی كورد لەم شارەو دەوروبەری نەوتەكە. هۆیەكانیش دیارن، كورد هێزێكی سیاسی‌و چەكدار بوو

لەم شارەی کوردستانو بنکەی جموجۆڵی شێخ مەحمودی نەمر بوو، زۆرینەی شارەکە بوونو کەس لەپێشیان رانەدەوەستا، لەبەر ئەم هۆیانە لەساڵانی سیەکانەوە تاکو ئێستا کەرکوك تەعریب دەکریٚو شێوەی ئیثنوطرافیو دیموگرافی شارەکە دەگۆڕدریٚو گەڕەکەکانی تەخت دەکرێن، وەك قەڵا، شوان، عەرەسە، زێویە، ئازادی، شۆرجەو خانەقاو دەیان گەڕەکی تر. هەرجارەی بەبیانوویەكو لەژێر پەردەیەك دا کاری خۆیان دەکرد، هێنانی خەتی شەمەندەفەر ببووە هۆیەك بۆ کاولکردنی گەڕەکە سەرەکیٚیە کوردەکانو شەقامی پانو درێژیان لیٚ دەکردەوە وەك (حزام الامنی) وا بوو بەچوار دەوری شارو گەڕەکە کوردەکان، بۆیە سەردەمێك لەناو کەرکوکدا باس هەر باسی ئەو شەمەندەفەرە بوو کە ئایا ئەبیٚ بەپانی بڕوات یان بەدرێژی هەر نوکتەیەك بوو بۆ خۆی! هەندیٚ جار کردنەوەی ئەم شەقامانە بەناو گەڕەکە کوردەکان قەبرسانی دەگرتەوەو دەکەوتنە بەر لێشاوی لەناوبردن، هەروەها تاکو ئێستا رەنگە حەوسەد هەزار کەسیان لەم شارە دەرکردبیٚ بەشێوەی دەرکردنی مامۆستاو فەرمانبەرو موچەخۆران لەشوێنەکانی وەك پارێزگاو شارەوانیو پەروەردەو پیشەسازیو کارەباو نەوتو تەندروستیو بەرگری، کارێکی نەبوو نەکراوەو کەس هەست بەم کارەساتە ناکات لەکوردی ئەم شارە زیاتر. داگیرکردنی خانوبەرەو زەویو زاری کشتوکاڵی جوتیاران یان بەزۆر پیٚ فرۆشتنی زەویو زار هۆیەکی تر بوو، هەموو رۆژیٚ بڕیار لەدوای بڕیار سەبارەت بەکوردی کەرکوك دەرئەچوو بۆ کاولکردنی گوندو دابڕانی ئیداری ناحیەو قەزاکانیو گۆڕینی خوێندنی کوردیو قەدەغەکردنی موڵکداری لەسەیارەو خانوبەرەو دوکان، جلو بەرگو زمان، خانەنشین کردنی ئەفسەرو دەرەجەدارانی سوپاو وەرنەگرتنی لاوانی کورد لەکولیٚژی ئەفسەران، گۆڕینی دینو مەزهەبو قەومیەت. نەکردنی کوردان بەلێپرسراو لەهیچ داموو دەزگایەك ئەگەر لەخۆشیان بوایە، قیرتاو نەکردنی گەڕەکە کوردنشینەکانو پشتگوێ خستنی پاكو خاوێنیو نەکردنەوەی نەخۆشخانە لەگەڕەکەکانی، بەڵیٚ کورد دوو مافی هەبوو لەعیراق دا، پاش نووساندنی کوردستانی باشوور بەدەوڵەتی عیراقەوە یەکەمیان کیمیابارانو دووەمیان ئەنفالو تەعریب کردن.

پەراوێزەکان


1- توفیق وهبی، اصل الاکراد ولغتهم، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دووەم، ساڵی 1974، ل3.
2- زبێر بلال، مێژووی زمانی کوردی، وەرگێڕانی یوسف رەئوف، بەغدا، دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی، ساڵی 1984، ل17.
3- د. جمال رشید، ظهور الكرد في التاريخ، گۆڤاری کاروان، ژمارە 77، ساڵی 1989، ل162.
4- زبێر بلال، مێژووی زمانی کوردی، هەمان سەرچاوە، ل 27-28.
5- سەرچاوەی پێشوو، ل ل 58-59.
6- توفیق وهبی، سفره من (دەربەندی بازیان) الی (ملەی تاسلوجە)، مطبعة المعارف، ساڵی 1965، ص ص 8-9.

7- لوڕستان: واته شوێنو وڵاتی لوڕ، بەشێکن لەگەڵ کوردو، مێژوونووسانو شارەزایان دانیانیان پیاناوە، خاوەن دەسەڵات و ئیمارەت بوونە لەسەردەمە رابردووەکان، ئەو دەڤەرەی کە کەوتۆتە باشوری ولایەتی کرماشان بەوڵاتو شوێنی بنەڕەتی خێڵە کوردەکانی لوڕ دەژمێردرێت، ئەمەش ئەو لێکۆڵینەوە مێژوویی پاشماوە دۆزراوانەی ئەم ناوچەیە پەردەیان لەسەر ئەم راستیە هەڵماڵی، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (اللر ولرستان) علی سیدو الگورانی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دووەم، ساڵی 1974.

8- بڕوانە گۆڤاری کاروان، ژمارە 35، ئابی 1985، ل 122، کردستان کما ورد ذکرها فی قاموس الاعلام، وەرگێڕانی لەتورکی بۆ عەرەبی (فیصل نوردالین الدباغ)، ئێمەش زانیاریمان لێ وەرگرتو کردمانە کوردی.

9- تألیف سی. جی. ادموندز، کرد وترک وعرب، ترجمە جرجیس فتح اللە، مطبعة تایمس، بغداد، ساڵی 1971، ص ص 7-8.

10- شریف یوسف، تأریخ فن العمارە العراقیە فی مختلف العصور، وزارە الثقافة، ص38.

11- کرد وترک وعرب، هەمان سەرچاوە، ل ل 13-14.

12- داقوق (دقوقاء) فی التاریخ، مطبعة المجمع العلمی العراقی، ساڵی 1983، ل 402، هەروەها گۆڤاری کەرکوك.

13- محمد هادی دفتر وعبداللە حسن، رحلە الی العراق الشمالی، ص152.

14- کاروان، ژمارە 77، ساڵی 1989، ل 169.

15- سەرچاوەی پێشوو، ل 170.

16- مذکرات مأمون بك بن بیگە بك، ل 26.

17- داقوق (دقوقاء) فی التاریخ، ص 403.

18- طە باقر وفؤاد سفر، المرشد الی المواطن الآثار، الرحلە الرابعە، ص 85.

19- 20 - رحلە الی العراق الشمالی، ص 213.

20- سفرە من (دەربەندی بازیان) الی (ملەی تاسلوجە)، ل 5 -6.

21- دراسات کردیە فی بلاد سوبارتو، ص 29، هەروەها بڕوانە داقوق (دقوقاء) فی التاریخ، ص 403.

22- دراسات کردیە فی بلاد سوبارتو، ص 101 - 102.

23- یادگاری فهمی عربو مامۆستا فازل محەمەد مەلا مستەفا، گۆڤاری هەتاو، ژمارە 127، ساڵی 1958، بلاوی کردۆتەوە.

24- مجلە شمس کردستان، العدد(59)، ساڵی 1980، الکردولوغ، ص6

25- هاشم کاکەیی، شارەزوور لەروانگەی سێ بابەتی مێژوویی‌دا، گۆڤاری روشنبیری نوێ، ژ (123)، ئەیلولی 1989, ل33.

26- د. جبار قادر، السياسه الحكوميه بحق الكرد في كركوك خلال العهد الملكى 1921-1958، مجله كركوك، العدد2، 2001 ص187.

27- د. نورى الطالباني، كانت مدينه كركوك جزءاً من امارتى اردلان وبابان، مجله كركوك، العدد (2)، 2001، ص157.

28- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل157.

29- محمد بهجه الاثري، ذرائع العصبيات العنصريه في آثارة الحروب وحملات نادرشاه على العراق في روايه شاهد عيان، مطبوعات المجمع العلمى العراقى 1981, بەشی دووەمی کتێبەکە.

30- سەرچاوەی پێشوو, بەشی سێیەمی کتێبەکە.

31- هەمان سەرچاوە, بەشی دووەمی کتێبەکە.

32- کرد وترك وعرب, ص242.

33- عباس العزاوى، الكاكائيه في التاريخ، ص45.

34- رحله الى العراق الشمالى، ص154.

35- مذكرات مأمون بگ بن بيگه بك، ص402.

36- العراق الشمالى، ص 153.

37- العراق الشمالى، ص 153.

38- جميل روژبيانى، اصل الاسره السنويه في العراق، ص30، هەروەها بڕوانە گۆڤاری بەیان، ژمارە 178، س1996، ل ل17-18.

39- العراق الشمالى، ص 159.

40- هەمان سەرچاوە، ل 164.

41- هەمان سەرچاوە، ل 164.

42- محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە، مێژووی عەشیرەتی زەنگنە، چاپی یەکەم، ل43.

43- العشائر الكرديه، ترجمه فؤاد حمه خورشيد، س1979، هەروەها بڕوانە گۆڤاری کەرکوك، مێژووی کارگێڕی ناوچەی کەرکوك، ژمارە (4)، ساڵی 2002، (ئەژی)

44- الكاكائيه في التاريخ، ص ص 35-36.

45- نورى ياسين هرزانى، الكاكائيه دراسه انثروپولوجية، ساڵی 1983.

46- هەمان سەرچاوەی، پێشوو, ل41.

47- ئەژی، مێژووی کارگێڕی ناوچەی کەرکوك، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە 4،، 2002، ل15

48- نەخشەی لیوای کەرکوك و قەزای خانەقین، ل337، کتێبی کوردو کوردستان، ئەمین زەکی بەگ، جلد(1)، چاپچانەی سەیدیان، مهاباد.

49- کرد وترك وعرب، ل178.

50- پوختەیەك دەربارەی هۆزی شێخانی بەرزنجی، (محمد سید عبد الكريم), ل25.

51- گۆڤاری هەزارمێرد، ل212، لەنووسین ن/ ئاران، ژمارە(16)، حوزەیرانی 2001.

52- هەمان سەرچاوە، ل213.

53- العشائر الكردیه، ل76-77، هەروەها گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارە (16)، ل213.

54- العشائر الكردیه، ل67.

55- العشائر الكردیه، ل121, هەروەها گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارە 16، ل210.

56- هەمان سەرچاوە، ل111, هەزارمێرد، ل210.

57- هەمان سەرچاوەی پیشوو، ل110, هەزارمێرد، ل210.

58- گۆڤاری هەزارمێرد، ل214.

59- عەبدوللەتیف گلی, چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی هۆزی گل، گۆڤاری روشنبێری نوێ، ژمارە 111، ساڵی 1986، ل118.

60- هەزارمێرد، ل213، هەروەها مێژووی كوردو كورستان، محەمەدی مەردۆخ گۆڕینی محەمەد فدا، چاپخانەی سەركەوتن - بەغدا ، ساڵی 1958

61- سەرچاوەی پێشوو,مێژووی كوردوكوردستان.

62- گۆڤاری هەزارمێرد، ل211.

63- میجرسون، رحله متنكر الی بلاد مابین النهرین وكردستان، ص170.

65-66- گۆڤاری هەزارمێرد، ل214

67- العشائر الكردیه، ل60، هەروها هەزارمێرد، ل214.

68- علی سید الگوارنی، اللر ولورستان، گۆڤاری كۆڕی زانیاری كورد، ل179.

69- مذكرات مأمون بك بن بیگە بك، ص 47، هامش رقم 179.

70- گۆڤاری كەركوك، ژمارە 2، ساڵی 2001، ل12.

71- هەمان سەرچاوە، ل 11.

72- گۆڤاری كاروان، ژمارە 61-62، سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی.

73- ئەژی، مێژووی كارگێڕیو بەڕێوەبەرایەتیەكانی ناوچەی كەركوك، گۆڤاری كەركوك، ژمارە 4، ساڵی 2002،

74- محەمەد سەعید سۆفی پارێزگای كەركوك لەناو پاكتاوكردنی رەگەزییدا، گۆڤاری كەركوك، ژمارە (1)، ساڵی 2002،

75- گۆڤاری كەركوك، ژمارە 2، ل 174، هەروەها ژمارە 1، ل31.

**سەرچاوەکان**


1- زبیر بلال، مێژووی زمانی کوردی، وەرگێرانی یوسف رووف، بەغدا، دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی، ساڵی 1984.

2- توفیق وهبی، سفره من (دەربەندی بازیان) الی (ملەی تاسلوجه)، مطبعة المعارف 1965.

3- توفیق وهبی، اصل الاکراد ولغتهم، گۆڤاری زانیاری کورد، بەرگی دووەم، 1974.

4- سی. جی. ادموندز، کرد وترك وعرب، ترجمه جرجیس فتح الله، مطبعة تایمس، بغداد، 1971.

5- شریف یوسف، تاریخ فن العماره العراقیه فی مختلف العصور، وزارة الثقافة، دار الرشید للنشر، 1983.

6- محمد جمیل الروژبیانی، داقوق (داقوقاء) فی التاریخ، مطبعة المجمع العلمی العراقی، بغداد، 1983.

7- محمد هادی الدفتر وعبدالله حسن، رحله الی العراق الشمالی، مطبعة شفیق، بغداد 1955.

8- الدکتور جمال رشید، دراسات کردیه فی بلاد سوبارتو، دار آفاق عربیه، بغداد، 1984.

9- محمد جمیل الروژبیانی وشکور مصطفی، مذکرات مأمون بیگ بن بیگه، مطبعة المجمع العلمی العراقی، بغداد، 1980.

10- سون، میرزا غلام حسین شیرازی، رحله متنکر الی بلاد ما بین النهرین وکردستان، الجزء الثاني، ترجمه فؤاد جمیل، مطبعة تایمز، بغداد 1971.

11- عباس العزاوی المحامی، الکاکائیه فی التاریخ، شرکه التجاره، سنه 1949.

12- محمد عبدالرحمان زەنگنە، مێژووی عەشیرەتی زەنگنە، چاپی یەکەم، ساڵی 1980.

13- محمد سید عبدالکریم بەرزنجی، پوختەیەك دەربارەی هۆزی شێخانی بەرزنجی، مطبعة اسعد، 1988.

14- نوری یاسین هرزانی، الکاکائیه دراسه انثروثولوجیة، رساله ماجستیر غیر منشوره مقدمه الی کلیه الاداب هیئه الدراسات العلیا فی جامعه بغداد، 1985.

15- العشائر الکردیه، ترجمه فؤاد حمەخورشید، سنه 1979.

16- فهمی عرب وفاضل محمد، ماذا فی کرکوك، بدون مطبعة، 1970.

17- آیة اللة مردوخ، اصل الاسره السنویه الموجودین فی العراق، تعریب الاستاذ محمد جمیل الروژبیانی، مطبعة وزاره الثقافة، اربیل، 2000.

18- طه باقر وفؤاد سفر، المرشد الی الموطن الآثار، الرحله الرابعه.

19- محمد بهجه الاثري، ذرائع العصبیات العنصریه فی اثارة الحروب وحملات نادر شاه علی العراق فی روایه شاهد عیان، مطبعة المجمع العلمی العراقی، بغداد، 1981.

20- محمد امين زكى، كوردو كوردستان، جلد (1)، چاپخانەی انتشارات سيديان، مهاباد.
21- شێخ محەمەد مەردۆخ، مێژووی كوردو كوردستان، گۆڕینی محمد فدا، چاپخانەی سەركەوتن، بەغدا، 1958.

### گۆڤارو رۆژنامەكان

1- گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە 111، دەزگای بڵاوكردنەوەی كوردی، ئەیلولی 1986.
2- گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە 123، دەزگای بڵاوكردنەوەی كوردی، ئەیلولی 1989.
3- گۆڤاری كاروان، ژمارە 77، ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیریو لاوان، ساڵی 1989.
4- گۆڤاری كاروان، ژمارە 35، ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیریو لاوان، ساڵی1985.
5- گۆڤاری كاروان، ژمارە 61-62، ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیریو لاوان، ساڵی 1987.
6- گۆڤاری شمس كردستان، ژمارە 59، ساڵی 1980.
7- گۆڤاری بەیان، ژمارە 178، ساڵی 1996، دەزگای بڵاوكردنەوەی كوردی.
8- گۆڤاری كەركوك، ژمارە 1، ساڵی سێیەم، 2001، كۆمەڵەی رووناكبیریو كۆمەڵایەتی كەركوك.
9- گۆڤاری كەركوك، ژمارە 2، ساڵی سێیەم، 2001، كۆمەڵەی رووناكبیریو كۆمەڵایەتی كەركوك.
10- گۆڤاری كەركوك، ژمارە 3، ساڵی دووەم، 2001، كۆمەڵەی رووناكبیریو كۆمەڵایەتی كەركوك.
11- گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارە (16)، حوزەیرانی 2001، وەزارەتی رۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستان.
12- رۆژنامەی هەتاو، ژمارە 127، ساڵی 1958.